به بۆنەی بیست و حەوتەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# لە یادی کاروانی نەسرەوتوو و ساتمەنەدیدی گۆڤاری (ڕامان)دا

**پ. د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)**

١ – یـادی گۆڤـاری ڕامـان، بـە شـێوەیەکی تایبەتـی پلەوپایەیەکـی شـیاوی لـە نـاخ و دڵ و دەروون و مێشـکی منـدا هەیـە!

دوای تەواوکردنـی خوێندنـی دوکتۆرییەکـەم لـە فەلسـەفە، لـە زانکـۆی مۆنیسـتەری (هەرێمـی نـۆرد ڕایـن ڤیسـتڤالن لـە ئەڵمانیـا) مامۆسـتای سەرپەرشتیارم پرۆفیسـۆر دوکتـۆر ئۆلریش هویەر، داوای لـێ کـردم پـاش نیـوەڕۆ سـەردانی ماڵەوەیـان بکـەم، دوای قـاوە خواردنـەوە، خێزانەکـەی گوتـی:

پیـرۆز بـێ حەمیـد، ئایـا بـە سـەرکەوتوویی لێبوویتـەوە؟

وتم: بەڵێ!

پرۆفیسۆر وتی: چی؟! لێبوویتەوە؟!

نـەء!! ئێسـتا ئەرکـی سەرشـانت بەرانبـەر بـە نەتـەوە و (میللەتەکـەت) دەسـتی پـێ کـردووە!!

وتـم: جەنابـی پرۆفیسـۆر ئەرکـی سەرشـانی مـن بەرانبـەر بـە میللەتەکـەم چییـە؟! چـی پێویسـتە لەسـەرم وەک دوکتۆرێکـی فەلسـەفە بیکـەم!؟!

وتی: تۆ کوردیت؟

وتم: بەڵێ!

وتـی: ئەرکـی سەرشـانت بەرانبەر بـە میللەتەکەت (نەتەوەی کـورد) ئەمەیە:

**یەک:** تـا چەنـد لـە پێگەیاندنی کادیری فەلسـەفەی کـوردی زمـان بـۆ گەلەکەت بەشداری دەکەی؟!

**دوو:** چـی دەربـارەی فەلسـەفە بـە زمانەکـەت دەنووسـی؟!

**سێ:** چ دەق و تێکسـتێکی فەیلەسووف و فەلسـەفە هەڵدەبژێـری و دەیانکـەی بـە کـوردی و بڵاویـان دەکەیتـەوە؟ (بـەلای پرۆفیسـۆرەوە بەشـی فەلسـەفە لـە کۆلێجـی ئادابـی زانکـۆی سـەلاحەددینی هەولێـر هەیـە!!). منیـش لـەم بارەیـەوە هیچـم بـۆ بـاس نەکردبـوو!

– وتـم: بەڕێـز بەڵێنـت پـێ دەدەم چەنـدە لـە تواناییمـدا هەیـە بیکـەم! بـەڵام تاکـە سـوارە بـە تەنیـا تـۆزی نییـە. مـن هیـچ کاتێـک نـە ئـەو لافـە لـێ دەدەم کـە فەلسـەفە بـۆ کوردسـتان بهێنـم!! نـە دەچمـە ژێـر بـاری هەڵگرتنـی ئـەو بـەردە گەورەیـە (کـە نیشـانەی پێدا نەدانـە)!!، چونکـە

ئەمە ئەرکێکە سەدەیەکی وەک سەردەمی عەبباسییەکانی دەوێ کە بە کۆمەکی دەیان زانای کەلام و فەیلەسووفی موسڵمان، سەرەڕای بزووتنەوەی سەرتاپاگیری وەرگێڕانی فەلسەفە بۆ زمانی عەرەبی، ئەوجا ئەو کارە هاتووەتە بەر و بە ئەنجام گەیشتووە!

٢- ساڵی (١٩٨٨ز) لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێجی ئادابی هەولێر، وەک مامۆستای فەلسەفە دامەزرام، بەڵام هیچ جۆرە نووسینێک، یان وەرگێڕانێک بە زمانی کوردی دەرفەتیان لەبەردەمدا نەبوو، نووسین بە زمانی عەرەبی، بە وەرگێڕانەوە، بەوپەڕی سەخاوەت لە رووی (داراییەوە) هان دەدران، تەنانەت ئەو قوتابیانەی زانکۆ بۆ خوێندنی ماستەر و دوکتۆرا دەیناردن بۆ ئەوروپا (لەسەردەمی دوکتۆر خەسرەو شاڵی، سەرۆکی زانکۆ) تاکە کوردێکیان تێدا نەبوو. لە سەتا حەفتا و پێنجی خوێندکارانی زانکۆ بە گشت بەشەکانییەوە عەرەبی ناوەڕاست و باشوور بوون! لەگەڵ مامۆستایەکی کەرکووکی کە لە کۆلێجی پەروەردە بوو، باسی کردنەوەی بەشی فەلسەفەمان کرد! ئەو بەهۆی پێوەندی سیاسییەوە، توانی ڕاگری کۆلێجی ئاداب کە عەرەب بوو ڕازی بکات (بە زمانی عەرەبی)، بەناوی بەشی سایکۆلۆجی و فەلسەفە بەشێکی نوێ بکاتەوە.

لە قۆناغی یەکەم و دووەمی بەشەکەدا، وانەی هاوبەشی فەلسەفە و دەروونزانی بخوێنرێن، بەڵام لە قۆناغی سێ و چواردا پسپۆڕیی دەست پێ بکات و هەروەک بابەتەکە لە یەکتری جیا بکرێنەوە!

- ئاواتێکی زۆر و زەبەندەم لەسەر کردنەوەی ئەو بەشە هەڵچنی، بەو نیازەی خوێندکاری کوردیش تێیدا وەردەگیرێن و دەخوێنن و ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ بە کوردی!

دوای چاوەڕوان کردنێکی پڕووکە و پرزە لێبڕین، سوپای عێراق لە ناکاو کوێتی داگیرکرد، ئەو ڕەوشە (دۆخە) پڕۆژەی کردنەوەی بەشەکەی زیندە بەچاڵ کرد، بەڵام بە هیچ جۆرێک بێ ئومێد نەبووم، چونکە من ڕەشبین نیم و هەمیشە گەشبین بووم و چاوەڕێی باشترم کردووە. بەلامەوە ڕەوشی نالەبار (بە هەر جۆرێک لێک بدرێتەوە و پۆلێن بکرێت) کاتییە و دەبێ جێگاکەی بۆ ڕەوشی لەبار چۆڵ بکات (قەڵادزەیی وتەنی زستان بەهاری بەدوادا دێت و تەنگانە بەری کورتە، ناخۆشی بە خۆشی کۆتایی دێت).

- لەلایەکی دیکەوە ئەو بڕیارەی داگیرکردنی کوێت ئەنجامی سەرتاپاگیری لێکەوتەوە:

ئەو پریشکە بوو کە ئاگری لە پاوان و دەشتی عێراق و کوردستانی باشوور بەردا!!.

- بۆ یەکەم جار قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆ لە بەشێکی باشووری کوردستان (لە هەر سێک پارێزگای دهۆک و هەولێر و سلێمانی) دامەزرا.

- دامودەزگا و دامەزراوەکان بە زانکۆوە، کە ڕژێمی بەغدای داگیرکار دایمەزراندبوون، بۆ قەوارە کوردییەکە بەجێ مان. لەو دۆخەدا سیاسەتمەدارانی کورد چەند هەنگاوێکی چارەنووسسازیان هەڵگرت: هەڵبژاردنی ئازاد، دامەزراندنی پەرلەمان، هەوڵدان بۆ دانانی قانوون و دەستووری تایبەتی، بێگومان زمانی کوردیش لە هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانی کرا بە زمانی خوێندن، جگە لە دەرچوونی چەند ڕۆژنامە و حەفتەنامەی کوردی. کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان هیوا و ئاوات و ئامانجێکیان لەسەر ئەو ڕەوشە هەڵچنی!!

٣- لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٦، دەرفەتێکی چاوەڕوان نەکراوی بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی بە کۆششی فەرهادانەی دۆست و ئاشنای دێرینم م. ئازاد عەبدولواحید، بە دەرکردنی گۆڤاری مانگانەی ڕامان لە ئاسۆ بەدەرکەوت، ئەو دەرفەتە هەتا بڵێی دڵخۆشی کردم، هەروەک هەنگوینم لە داردا دۆزیبێتەوە وابوو، ئیتر ئەمە

عەرز و ئەمە گەز، بازووم لێ هەڵماڵی و دەستم بە نووسین و وەرگێڕانی تێکستی فەلسەفە لە زمانی ئەڵمانییەوە کردەوە.

- یەکەم بابەتێک کە بایەخێکی فەلسەفەیی و مێژوویی و ئەکادیمی هەیە و ڕامان بۆی بڵاوکردمەوە فەتواکەی کەشیش (ستیڤان تێمپێ) بوو، کە لە ٢٨ی نەورۆزی (مارتی) ساڵی ١٢٧٧ز لە شاری پاریس بەناوونیشانی قەدەغەکردنی فەلسەفە بڵاوبووەتەوە!

ئەو دەقە بە لاتینی نووسراوە و د.پ: کورت فلەش کردوویە بە ئەڵمانی و ساڵی ١٩٨٥ بڵاوی کردووەتەوە، منیش کردم بە کوردی، بە دەستپێشخەری گۆڤاری ڕامان، بە چەند ژمارەیەک بڵاوکرایەوە، پاش چەند ساڵێک، ساڵی ٢٠١٢ز وەک بەشێک لە کتێبی فەلسەفە و لاهووت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا چاپی دووەمی لە سلێمانی بڵاوکرایەوە.

یەکەم جار بڵاوبوونەوەی ئەو تێکستە لە گۆڤاری (ڕامان)دا بە زمانی کوردی، خۆی لە خۆیدا بەڵگەنامەیەکی دەگمەنە، ئەو هەلومەرجەی بەرجەستە کردووە کە بیرکردنەوە و ژین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئارادا بوون. خۆی ٢١٩ خاڵە و تێیدا وا نیشان دراوە کە فەلسەفە هەڕەشە لە ئایین و کڵێسا دەکات و کۆسپ و تەگەرەیە لەبەردەم بڕوا و باوەڕدا (عەقیدە و ئیمان).

کەشیش تێمپێ و پێشتر سەلەفی و کۆنەپارێزی ڕۆژهەڵاتی (غەزالی، بە زمانی عەرەبی کە خۆی ئەفغانییە) لە فتواکەیاندا ئەوە دەردەکەوێ (بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ — موعەممایانە) کە چارەنووس (نەک بە واتا لاهووتییەکەی)، جۆرە ناچارییەکی پرۆسەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤ و کۆمەڵگە و شارستانی نیشان دەدات.

ئەو فەتوایەی لەو تێکستەدا هاتووە، بایەخێکی ئەکادیمی مێژوویی هەیە و دەکرێ لەلایەن توێژەرانی فەلسەفە، لەگەڵ فەتواکەی غەزالی بکرێن بە کەرەستەی نووسینی بابەتی ئەکادیمی (ماستەر و دوکتۆرا)، یان وەک سەرچاوەیەک سوودیان لێ وەربگیرێ کە بەپێی بیروبۆچوونی ئەو سەردەمە (سەدەکانی ناوەڕاست) ئەو بنەمایە دووپات کراوەتەوە کە دواتر گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە:

- بنەمای گۆڕانی ڕەوشی لە ئارادابوو پەسند نییە و ڕێژەیی بێ بنەڕەتە!

- ئەو بەڵگە فەتوایە فەلسەفەی یەکڕەنگیی ئەفلاتوونی پەک خستووە و بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ فەلسەفەی هەمەڕەنگیی ئەرستۆی ڕێگا داوە.

٤ - گۆڤاری ڕامان، نەک هەر بۆ من و نووسینی فەلسەفە، بەڵکوو دەرگای بۆ نووسەرە پێشکەوتنخوازەکانی هەردوو بەشی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات خستە سەر پشت، بە نووسین و وەرگێڕان کەلەپوور و کولتووری هەمەڕەنگی جیهانی لە هەر چوار زمانە پێشکەوتووەکانەوە ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسایی، سویدی، ئیسپانی و فارسی و هەندێک جاریش لە عەرەبییەوە بکەن بە کوردی و تێیدا بڵاوی بکەنەوە.

ئەو دەستپێشخەرییە بۆ گۆڤاری ڕامان تۆمارکرا، کە دەرفەتی ناساندنی زمان و خوێنەرانی کوردی بە کولتوور و شارستانیەت و فەلسەفە و ئایدیۆلۆجی ئەورووپا و گەلانی تر ڕەخساندووە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە. هەڵدانەوەی لاپەڕە ڕەنگینەکانی ژمارەکانی ئەو گۆڤارە دەری دەخەن کە چۆن ئەدەبی سیاسی هێنراوەتە نێو کولتووری کوردییەوە. ئەوەی بەلای منەوە جێگای بایەخ پێدان و بە هەند زانینە کەڵە نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە خۆی کۆکردووەتەوە، بە نووسین و وەرگێڕان (لە فارسییەوە) بەشدارییان لەچالاکی (ڕامان)دا کردووە. هەرگیزاوهەرگیز ئەو دەستپێشخەرییەی ڕامان لە یاد ناچێ کە چۆن دەرگای بڵاوکردنەوەی

تێکستی فەلسەفەی بە زمانی کوردی واڵا کردووە، بەو هەنگاوەشی گرەوی یەکەمین گۆڤاری کوردی لە کوردستاندا بردووەتەوە. ڕاستە لە تاران و ئەنقەرە- ئیستەنبوڵ و شام دەیان پرۆفیسۆری فەلسەفەی کوردی زمان هەبوون و ئێستاش هەن، بەڵام هیچیان تاکە وشەیەکیان دەربارەی فەلسەفە بە زمانی کوردی بڵاونەکردووەتەوە، بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ڕامان تاکە گۆڤاری کوردییە کە بە سنگێکی فراوان باوەشی گەرموگوڕی بۆ فەلسەفە (بە زمانی کوردی) کردووەتەوە و تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

- بڵاوکردنەوەی بێ پسانەوەی ئەو بابەتە هەمەڕەنگانە لە گۆڤاری (ڕامان)دا، زمانی کوردی دەوڵەمەند و بە پێز کردووە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی تێکستەکان! بە دەیان و سەدان چەمکی نوێی ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و ئابووری و لاهووتی و فەلسەفەیی ڕۆنراون و جێگیر کراون! بۆیە دەکرێ بەبێ ئەگەر و گومان، بگوترێ گۆڤاری ڕامان شان بە شانی دەزگا و دامەزراوەکانی تری کوردستان (باشوور) هەر لە ڕۆژنامە و هەفتەنامە تا دەگاتە بەشە کوردییەکانی زانکۆکان، ڕۆڵێکی کارای لە جێگیرکردنی ستانداردی زمانی کوردی لە هەولێر و سلێمانی و هەندێک ناوچەی گەرمیان و بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە.

- ئەگەر بشێ قسەیەکی دڵی خۆم بکەم و گازندە نەکرێم! دەڵێم: ڕامان لە ناساندنی من و بەرهەمەکانی (فەلسەفەکە) بە خوێنەری کورد، لە هەردوو بەشی (باشوور و ڕۆژهەڵاتی) کوردستان، ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە. ئەو نامە جۆر بە جۆر و دۆکیومێنت و نووسینی پەیجەکان و تەلەفۆنانەی بۆم دەکرێن، بەڵگە و گەواهی ڕاستی ئەم قسەیەمە.

- ئەو بابەتە جۆر بەجۆرانەی ڕامان بڵاوی کردوونەتەوە، ئەگەر لە وردەکاری و چوارچێوە گشتییەکاندا سەرنج بدرێن، هەمووی بەبێ هەڵاواردن تێکستی گرنگن و سروشتی ئەکادیمی و زانستییان هەیە (بەواتا گشتییەکەی) و دەکرێ وەک بەڵگە و سەرچاوە بۆ نووسینی بابەتی جۆربەجۆر (زانستی، ئەدەبی و ئەکادیمی) پشتیان پێ ببەسترێ!

- وەک من ئاگادارم لە زۆر تێزی ماستەر و دوکتۆرا، لە هەولێر و ڕانیە و گەرمیان، ئەو بابەتانەی لە (ڕامان)دا بڵاوکراونەتەوە وەک سەرچاوە پشتیان پێ بەستراوە، بە تایبەتی لە (زمان و ئەدەبی کوردی، فەلسەفە، کۆمەڵایەتی و مێژوو...).

٥- بە سایەی دەستپێشخەری گۆڤاری ڕامان توانیم دەربارەی زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسووفەکانی هەر چوار قۆناغەکە (یۆنان، سەدەکانی ناوەڕاست، فەلسەفەی نوێ و فەلسەفەی سەردەم لە ئەورووپا) بابەت بڵاوبکەمەوە و لەسەریان بنووسم، تەنانەت هەر پێنج لقەکانی فەلسەفە لە گۆڤاری (ڕامان)دا پشکی شێریان بەرکەوتووە: لۆجیک (مەنتیق)، تیۆری زانین، ئاکار، میتافیزیک، ئیستێتیک (هونەر و جوانی)، ئەوجا دەرفەتی ئەوەم لەو گۆڤارەدا بۆ ڕەخسا دەربارەی ڕێبازەکانی زانستی کەلام و فەیلەسووفە موسڵمانەکان و هزرمەندە موسڵمانەکانی سەردەم: جەمالەددینی ئەفغانی، محەمەد عەبدو، عەلی عەبدولڕازق، ئیقباڵ و عەبدولکەریم سروش بابەت بڵاوبکەمەوە، ئەوەی کەسەر و گرێیە لە دڵمدا و جێگای داخ و پەژارەیە ئەوەیە کە نەمتوانی (بەهۆی بە سیاسیکردنی ئایینەوە لە کوردستانی باشوور) لەسەر فەیلەسووفە بلیمەتەکانی جولەکەی سەدەکانی ناوەڕاست بنووسم و بڵاوبکەمەوە بە تایبەتی:

- مووسای کوڕی مەیموون، یەهودای کوڕی فاقودا، ئیبن ئەلاوی و چەندانی دیکە!

- خاڵێکی تری گرنگ کە من شانازی پێوە دەکەم و گۆڤاری ڕامان جێگای شانازییەکەیە

ئەوەیە:

جوانترین تێکستی وەرگێڕدراوی فەلسەفەی دیکارت و تۆماسی ئەکوین و هەردوو بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی سانت ئەنسلم و میتافیزیکی ئاکاری کانت و چەند تێکستێکی فەلسەفەی فۆیەرباخ و هایدیگەر و بەڵگەکانی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا کە لە ئەڵمانییەوە کردبوومن بە کوردی، ڕامان بۆی بڵاوکردمەوە، جگە لە پەیامێکی گرنگی فەیلەسووف فیختە کە ئاراستەی نەتەوەی ئەڵمانی کردووە. ئەو ئەرکەی ڕامان چووە ژێر بارییەوە دەرفەتی بۆ خوێندکاری فەلسەفە بە تایبەتی و خوێنەری کورد بە گشتی دابین کرد، ڕاستەوخۆ تێکستی فەلسەفە و نووسینی کەڵە فەیلەسووفەکانی ئەورووپای خاوەن ئەم تەکنۆلۆجی و کولتووره بخوێننەوە و شارەزا بن، ئەمەش شانازییەکە بۆ ئەو گۆڤارە ڕەنگینە!!

- گۆڤاری ڕامان نموونەی خۆڕاگری بووە، سەرکەوتووانە ڕووبەڕووی کۆسپ و تەنگژە و تەگەرەکانی سەر ڕێگای بووەتەوە، بە تایبەتی دوای ئەو تەنگژە ئابوورییەی بەسەر گەلی کوردستانی باشووردا هێنرا. لەگەڵ ئەم ڕەوشە ناهەموارە (ئابووری و دەروونی و سیاسیانەدا) توانی لە بەرەوپێش چوون و نەسرەوتندا بەردەوام بێت، هەرچەند ماوەیەک بەهۆی شەڕی داعش و هاتنی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی لە مانگی جارێکەوە بوو بە دوو مانگ جارێک، بەڵام لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا هیچ پرپشکێکی ئەو قەیرانەی بەرنەکەوت و جوانی و بەپێزی جارانی لە دەست نەدا، ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە کە بوونی مرۆڤی شیاو لە جێگای شیاوی خۆیدا، بوونی کادیری دڵسۆز و لێهاتوو خاوەن توانست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتی ڕۆژانە و بەرگەگرتنی تەنگژەی هەمەجۆری هەڵکەوتی سەپێنراوی لە ئارادابووی ژیاندا، ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە.

نووسەرانی گۆڤاری ڕامان، نموونەی کۆڵنەدانن، توانییان سەرکەوتووانە لەو قەیرانە سەختەدا سەربەرزانە کاروباری گۆڤارەکەیان بگەیەننە قەراغ دەریای ئارامی و ئامانج پێکان، بۆیە جێگای ئەوپەڕی ڕێزلێنان و شایستەی ستایش کردنن و پێویستە دەستی سپاس گوزارییان بۆ بە سنگەوە بگیرێ.

لە یادی (٢٧) ساڵەی داگیرسانی مۆمی تەمەنی گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویستدا، ئەوپەڕی پیرۆزبایی لە دۆستی خۆشەویستم ئازاد عەبدولواحید و سەرکەوت وەلی و گشت کارمەندانی گۆڤارەکە دەکەم، هیوادارم تەمەن درێژ بن و پشوودرێژانە گوڵی نوێ بخەنە سەر خەرمانی بێ نیازی کولتوور و ڕۆشنبیریی کوردی، بە گشت ڕەهەندە جیاواز و جۆربەجۆرەکانییەوە.

- بە باوەڕی من ڕامان گۆڤارێکە ، جێگای شیاو و شایستەی لە ناخ و دڵ و دەروونی گشت ڕۆشنبیرێکی پێشکەوتنخوازی کوردی زماندا کردووەتەوە، جگە لەوەی کەرەستەیەکی بە بڕشت و ژمارەیەکی بەرچاو و دیاری کولتوور و ڕۆژنامەگەری گەلی کوردستانە.

**ئەڵمانیا**

**هانۆڤەر – بارزنگ هاوزن**

**نەورۆزی ٢٠٢٤**